# خەمێک لە زامەکانی نیشتمان

## وێستگەیەکی تر لە هەوڵی سارێژکردنی زامەکان

راپۆرت

بورهان أ. یاسین

٢٧-٢-٢٠٢٣

# ناواخن

پێشەکییەکی پێویست ---------------------------------------------------------------------------------- ٣-٦
پاشخانی مێژوویی پڕۆژەی ساڕێژکردنی زامەکان ----------------------------------------------- ٦-٨
زیندوکردنەوەی ئەم جارەی پڕۆژەکە --------------------------------------------------------------- ٨-١٥
گفتوگۆی زیاتر و دەرەنجام --------------------------------------------------------------------------- ١٥-١٨

"کردەی پەشیمان باشترە لە نەکردەی پەشیمان"

پەندێکی کوردی

## پێشەکییەکی پێویست

سەرەتا، لە رۆشنایی ئەو پەندە کوردییەی سەرەوە، دەبێ ئەوە بڵێم کە هەر زوو، بەر لە دەستپێکردنی هەوڵێکی تر بۆ هەستانەوە، بوژانەوە و رێکخستنەوە لە پانتایی هەرە فراوانی چاکسازیخوازی و گۆڕانخوازی و دادپەروەریخوازیدا، کە بزووتنەوەی گۆڕان لە ئێستادا **تەنها بەشێکی سنوورداری رێکخراوەیی ئەو پانتاییەیە**، بە ئاگا بووین لەوەی کە هەوڵێکی ئەوها **کارێکی یەکجار قورسە، بەڵکو تەنانەت دەکرێ ئەستەمیش بێت**[1].

لەگەڵ ئەم ئەستەم بوونەشدا، بەندە بۆ جاری دووەم هەوڵێکی ترم لەم ئاراستەیەدا لە مانگی نۆڤێمبەری پار (٢٠٢٢) دەست پێ کردەوە[2]، بەو باوەڕەی کە: ١) رەواندنەوەی ئەم هەموو بێهیوابوونە و داگیرسانی چرای هیوایەک لەو تونێلە تاریکەی کە باشوری کوردستانی تیایا گوزەر دەکات، پێویستی بە داگیرساندنی چرایەکی هیوایە؛ ٢) لە چوارچێوەی ئەو باوەڕەی کە لە نێوان أ- سەرپێخستنی هێزێکی سیاسی نوێ، وە ب- هەوڵێک بۆ هەستانەوە و بوژاندنەوە لەو پانتاییە هەرە فراوانەدا، باوەڕمان وابوو بژاردەی دووەم (واتە بژاردەی ب) باشترین و بەرهەمدارترینییانە.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە مانای ئەوە نییە بەندە تا ئەبەد لەسەر ئەو باوەڕەی خاڵی دووەمی سەرەوەدا دەبێت، بەڵکو هەر زوو بۆچوونی خۆم بە بەڕێزان بەرپرسانی بزووتنەوەی گۆڕان راگەیاندووە کە دروشمی "جێگرەوەی بزووتنەوەی گۆڕان هەر گۆڕانە" زوو یا درەنگ کۆتایی دێت، ئەگەر بێت و گۆڕان بە جیددی و بە شێوەیەکی ریشەیی دەست بۆ راستکردنەوەی ئاراستە

---

[1] هەڵبەتە سروشتییە ئەو پرسیارەش بکرێ کە ئایا ئەگەر سەرخستنی پرۆژەکە ئەوەندە ئەستەمە، ئەی هێز و تواناکانی بەندە لە چییەوە سەرچاوە دەگرن بۆ ئەوەی شان بداتە بەر پرۆژەیەکی ئەوها ئەستەم؟ بە راشکاوی وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوهایە: هێزی بەندە لە ئەو **متمانەیە** سەرچاوە دەگرێ کە ساڵانێکە، لە کەڵەکەبوونێکی بەردەوامدا، **خەڵک بە بەندەی رەوا بینیوە و پێی بەخشیوە**. . . جگە لەمەش، **متمانەی، ئەو لایەنانەی پەیوەندیدارن بە پرۆژەکەوە**، بە بەندە و قەبوڵکردنیان بەوەی من ئەو رۆڵە ببێنم، هێز و باوەڕێکی بێهاوتای بە بەندە بەخشیوە. لە هەردوو حاڵەتیشدا **پاراستنی هەردوو جۆر لە متمانە**، وەک ئەمانەتێکی پیرۆز و گرانبەها، لە گەردنی بەندەدایە.

[2] پێویستە لێرەدا بە تایبەتی ئاماژە بەوە بکەم کە برا و هەوڕێی بەڕێزم **کاک ئیدریس سابیر** بە درێژایی ئەو کاتەی کە پرۆژەکە بوونی هەبووە، زۆر بە تایبەتی لەم هەوڵەی هەرە دواییدا، یاریدەدەرێکی دڵسۆز و خەمخۆرێکی بێ وێنە بووە، هەم لە رووی باری سەرنجیان لەسەر پرۆژەکە لە رووی تیورییەوە و هەمیش بە کردار لە رێکخستنی کۆڕ و کۆبوونەوە و پەیوەندییەکان لە چوارچێوەی پرۆژەکەدا. سوپاس و پێزانینی زۆرم بۆ ئەم برا و هاوڕێیە هێژا و قەدرگرانە.

سیاسییەکەی نەبات و ئەو هەنگاوانە نەهاوێژێت کە دەبنە زامنی ئەوەی جارێکی دیکە گۆڕان بکەوێتەوە سەر ڕێچکە و "هێڵە" ڕاستەقینەکەی جارانی خۆی، وە ببێتەوە بە ئەو هێزەی کە زۆر **جیاواز** بوو لە هێزە سیاسییەکانی دەسەڵات، واتە لە پارتی و یەکێتی. لەم بارەیەشەوە، پێویستە هەر زوو ئەو ڕاستییە جەخت بکەینەوە کە هۆکاری هەرە سەرەکی پاشەکشەی گۆڕان، جگە لە لەدەستدانی ڕێکخەری گشتی (ڕەوانشاد نەوشیروان مستەفا)، ئەوەبوو کە لە پڕۆسەیەکی لەسەرخۆ، نەک لە ڕووداوێکی کتوپڕدا، ئەو **جیاوازبوونەی** خۆی لەگەڵ ئەو دوو حزبەی دەسەڵاتی **لە دەستدا**. دەبێ بە جەختکردنەوە ئەوەش بڵێین کە ئەم **جیاوازبوونەی بزووتنەوەکە** بنەما و **کۆڵەگەی سەرەکی شوناسی** ئەو بزووتنەوەیە بوو، کە ئەم شوناسەش بۆخۆی بنەمای هەرە سەرەکی ستراتیژی سیاسی ئەو بزووتنەوەیە بوو. واتە ئەو هەنگاوە هەرە هەنووکەیی و گەوهەرییانەی کە گۆڕان پێویستە بیان هاوێژێت ئەو **هەنگاوانەن** کە دواجار ئەم **شوناسی جیاوازبوونەی**، کە لە هەمان کاتدا **کۆدی سەرەکی هەستانەوە** و **ئامانجێکی هەرە گرنگی** ئاشتەوایی گشتیشە[3]، بۆ بزووتنەوەکە دەگەڕێننەوە.

چەند ڕۆژێک بەر لە ئێستا، بزووتنەوەی گۆڕان بانگەوازێکی بڵاوکردەوە ئامانج لێی فەراهەمکردنی پرۆسەیەک بوو کە دواجار ببێتە هەنگاو و وێستگەیەکی گرنگی هەستانەوەی بزووتنەوەکە. مەبەست لەم نووسراوەم ئەوە نییە بە وردەکارییەوە هەڵسەنگاندن بۆ ناوەڕۆکی بانگەوازەکە بکەم، بەڵام لەولاشەوە ناکرێ بێدەنگ بم لە ئاست بانگەوازەکە، یا ڕاستتر بڵێین بابەتی بانگەوەزەکە[4].

بە هەر حاڵ مەبەستی سەرەکی ئەم نووسراوەی بەردەست ئەوەیە کە، لە هێڵە هەرە گشتییەکانیدا، قسەیەک لەسەر پرۆژە و هەوڵی هەرە دواییم، لە پێناو وەبەرخستنەوەی ڕۆح و وزەیەکی نوێ بەبەر پانتایی هەرە فراوانی چاکسازیخوازی و گۆڕانخوازی، بکەم. لە لایەکی دیکەوە هەر ئەم قسەیە دەبێتە یارمەتیدەر بۆ ئەوەی زیاتر و ڕوونتر لە تەواوی ئەو قسە و باسانە نزیک ببینەوە کە دەربارەی "بەرەی" هەرە فراوانی چاکسازیخوازی و گۆڕانخوازییەوە، لە ناویشیدا بزاڤی گۆڕان، دەکرێ.

لە نامەیەکی دوور و درێژمدا کە بە بەرواری ٢٢-١٢-٢٠٢٢ ئاراستەی بزووتنەوەی گۆڕان کراوە، بەم ڕستەیە دەستم بە نامەکە کردووە: "کاتژمێر چارەگی دەوێ بۆ دوانزە؛ خەریکە کات تەواو دەبێت." بەم ڕستەیە مەبەستم بوو بڵێم، ئیتر خەریکە کات تەواو دەبێت. . . لە ئێستاشدا، دوای زیاتر لە دوو مانگ لە ئەو نامەیە و دوای هەوڵێکی زۆر، وە دوای ١٦ مانگ لە شکستە کەمەرشکێنەکەی گۆڕان لە هەڵبژاردنەکانی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١ی عێراقدا، ئیتر ئەوەی ئاشکرایە

---

[3] بە درێژایی هەوڵەکانمان، بە تایبەتی لەم نووسراوەدا، بەردەوام جەختمان لەسەر چەمکی "**ئاشتەوایی گشتی**" کردۆتەوە وەک ئاماژەیەک بۆ پرۆژەی ئاشتەوایی و هەستانەوە. مەبەستیش لەم جەختکردنەوەیە، بە تایبەتی لە وشەی **گشتی**، ئەوە بووە کە پرۆژەکە **گشتگیر** بێت: هیچ **کەس** و **کاراکتەرێک** وە هیچ **بابەتێک** ڤیتۆ و هێڵی سووری لەسەر نەبێت!

[4] لە جێگای گونجاو، لەم نووسراوەدا، دەگەڕێمەوە سەر ناوەڕۆکی بانگەوازەکە.

ئەوەیە کە بزووتنەوەی گۆڕان نەیتوانی بە باشی سوود لە ئەو هەموو کاتە زێڕینە وەربگرێ بۆ ئەوەی، سەرکەوتوانە پرۆژەی هەستانەوەی گۆڕان و ڕێکخستەنوەی بەرەی هەرە فراوانی چاکسازیخوازی، گۆڕانخوازی و دادپەروەریخوازی، بگەیەنێتە کەناری ئارام.

* * *

پێویستە هەر زوو ئەوەش بڵێم کە خەمی بەندە، لە هەوڵ و پرۆژەکەمدا، تەنها هەستانەوەی بزووتنەوەی گۆڕان نەبووە، بەڵکو پرۆژەکە، هەر نەبێ لە چوار ئاستدا، لەو ئامانجە زۆر فراوانتر بووە: ١) ڕێکخستنەوە لە پانتایی هەرە فراوانی گۆڕانخوازی و چاکسازیخوازیدا؛ ٢) گۆڕانکاریی ریشەیی لە هاوسەنگی سیاسییدا لە بەرژەوەندی بەرەی ئۆپۆزیسیۆن و ناڕازی لە دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمی کوردستان؛ ٣) بەگشتی، پێشکەشکردنی خزمەتێک بە تەواوی پانتایی سیاسی و کۆمەڵایەتی باشوری کوردستان، بە هیوای **گێڕانەوەی شکۆ بۆ بواری هەرە فراوانی سیاسەت و چالاکیی سیاسیی**. چونکە، هەر وەک چۆن سەرهەڵدانی بزاڤی گۆڕان بەر لە نزیکەی ١٤ ساڵ گێڕانەوەی هیوا بوو بۆ پانتایی سیاسەتکردن و چالاکیی سیاسی، هەر ئەوهاش، بەڵام لە پێشوەچوونێکی تەواو پێچەوانەدا، پاشەکشە و شکستی ئەو بزووتنەوەیە یەکێک بوو لەو فاکتەرە زۆر گرنگانەی کە کاریگەرییەکی زۆری نەرێنی و نێگەتیڤی کردە سەر متمانەکردن بە کاری سیاسی و سیاسەتکردن بە شێوەیەکی گشتی؛ ٤) لە رووی "فەلسەفە" و حیکمەی پرۆژەکەوە، پرۆژەکە هەوڵێک بووە لە ئەزموونکردنی "**سارێژکردنی زامەکان**." بەم واتایەش پەرۆشی پرۆژەکە بە زەرورەت کێشە و **ئامانجێکی "ژمارەیی"** نەبووە، بە واتای ئەوەی کە مەبەست لێی زێدەکردنی ژمارەی دەنگدەری بزووتنەوەی گۆڕان یا ژمارەی کورسییەکانی بزووتنەوەکە بێت لە پەرلەمان، بەڵکو پرۆژەکە نزیکبوونەوەیەکی جیاوازتر بوو لە مامەڵەکردن لەگەڵ دیاردە "دزێو" و نێگەتیڤەکانی کەلتوری سیاسی و سیاسەتکردن لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا: دیاردەی کەوتنەوە و خستنەوەی زام دوای زام و دوای. . . هتد، لەو کۆمەڵگەیەدا: مەبەست فەراهەمکردنی **پچڕانێک بوو لە پرۆسەی وێرانکاری خستنەوەی ئەم هەموو زامە**.

ماوە ئەوە بڵێم کە مەبەست لەم نووسراوە هیچ جۆرە دادوەرییەک نییە، بە واتای پەنجە درێژکردن بۆ ئەو لایەنەی کە زیاتر یا کەمتر بەرپرسە لەوەی کە تا ئێستا کەشتی ئاشتەوایی گشتی نەگەیشتۆتە کەناری ئارام. ئەوە چاوەڕوانییەکی زۆرە لە خوێنەری ئەم ڕاپۆرتەوە ئەگەر پێی وابێ دەکرێ هەروا بە ئاسانی بگەین بە دەرەنجامی ئەوەی کە کام لایەن و کێ بەرپرسە لەوەی، تا ئێستا، هەوڵەکان نەگەیشتون بە ئاکام: ئێمە هەر چەند زانیاریشمان لە بارەی ئامادەیی یا نائامادەیی، لایەنەکان بۆ دایەلۆگ هەبێ، وە هەر "چەندیش پشتڕاست بین" لە راشکاویی یا ناڕاشکاوی، تۆ بڵێ جیددیەتی یا ناجیددیەتی، لایەنەکان، بەڵام دیسان لە توانامانداا نییە، هەرنەبێ لە ئێستادا، قسەی کۆتایی بکەین. هەڵسەنگاندن و دادوەریەکی ئەوها دەکرێ ئەرکی کۆمیسیۆنێک بێت، کە بۆ سەرکەوتنی ئەرکی ئەم کۆمیسیۆنەش هەموو

سەرچاوەی زانیاری بەردەست بن و ئەم کۆمیسیۆنەش بۆی هەبێت پرسیار ئاراستەی هەر کەس و لایەنیک بکات بۆ دەرخستنی زانیاری پێویست[5].

## پاشخانی مێژوویی پڕۆژەی ساڕێژکردنی زامەکان

لێرەدا، وەک پاشخانی مێژوویی پڕۆژە و هەوڵی هەرە دوایم، بۆ فەراهەمکردنی ئاشتەواییەکی گشتی لە پانتایی گۆڕانخوازی و چاکسازیخوازیدا، کە لە سەرەتای نۆڤێمبەری ٢٠٢٢ دەستی پێکرد، چەند وێستگەیەک تۆمار دەکەم:

١- لە ٢٠٢٠/٥/١٩، بە بۆنەی سێ ساڵەی کۆچی دوایی رەوانشاد نەوشیروان مستەفا، هەر لە پێناوی ئەو ئامانجانەی سەرەوە، **بیرۆکەیەکم** لە پۆستێکی فەیسبووکدا راگەیاند بۆ سازدانی دایەلۆگێکی بەرهەمدار لە چوارچێوەی مۆدێلی سێگۆشەیەکدا: أ) ئەوانەی گۆڕانیان جێهێشتووە و زیاتر ناسراون بە "ناڕازییەکان"؛ ب) بزووتنەوەی گۆڕان؛ ج) کوڕەکانی رەوانشاد نەوشیروان مستەفا.

٢- لە ٢٠٢٠/١٠/٧ پڕۆژەیەکم پێشکەش بەو سێ لایەنە کرد، بە هیوای ئەوەی هەرچی زووە دایەلۆگێکی بونیادنەر و بەرهەمهێن لە نێوانیاندا دەست پێ بکات. بۆ ئەم مەبەستەش بەندە و بەڕێز کاک ئاکۆ وەهبی کەوتینە پەیوەندیکردن بە لایەنەکان لە ئاراستەی فەراهەمکردنی دایەلۆگەکە. هەر لەم قۆناغەدا ژمارەیەک دڵسۆز، بە ژمارە زۆر کەم، بەڵام بە خەمخۆرییەکی زۆرەوە، بوون بە هاوڕێمان لە کاروانی پڕۆژەکەدا. لەم قۆناغەدا بواری سەفەرکردنم بۆ کوردستان نەبوو، بە هۆی بڵاوبوونەوەی کۆڤید ١٩. بەم واتایەش دەرفەت بۆ کۆبوونەوە و گفتوگۆی راستەوخۆ لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی پڕۆژەکە نەڕەخسا؛

٣- لە ٢٠٢٠/١١/١٥ هاوپێچ بە راگەیاندراوێک "بۆ رای گشتی کوردستانی" **جارێکی دیکە پڕۆژەکەمان بڵاوکردەوە**[6]، بە هیوای ئەوەی پشتگیرییەکی پێویستی جەماوەری بێتە پاڵ پڕۆژەکە بۆ فشارخستنە سەر لایەنەکان، بۆ ئەوەی هەرچی خێراتر ئەو دایەلۆگە بکەوێتە سەرپێ. شایەنی ئاماژەیە کە لەم قۆناغەدا ئەم هەوڵە، لە رووی گوتاری جۆش و خرۆشدانی پانتایی کۆمەڵایەتی بەرەی هەرە فراوانی گۆڕانخوازی و چاکسازیخوازی بۆ پشتگیری و بەتەنگەوەهاتنی پڕۆژەکە،

[5] پێشتر لە بەرواری ١٢-٢-٢٠٢٣ نووسراوێکم بە ناوی " پڕۆژەیەک بۆ ساڕێژکردنی زامەکان: لە پەراوێزی بانگەوازەکەی بزووتنەوەی گۆڕاندا" لە ماڵپەڕی کەسییمدا بڵاوکردەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی نووسراوەکە کەمێک خۆی لە مەسەلەی دادوەری نزیککردبوویەوە، نووسراوەکە بووە جێگەی ناڕازیبوون. هەر لەبەر ئەوەش لە هەمان رۆژدا نووسراوەکەم کشاندەوە، ئەمەش لە پێناو پاراستنی هەواو و کەشی پڕۆسەی ئاشتەوایی گشتی وە زۆر بە تایبەتیش بۆ پاراستنی متمانەی لایەنەکان بە بەندە لە پڕۆسەکەدا.

[6] بۆ دەقی راگەیاندراو و پڕۆژەکە بڕوانە ئەم پەیوەندییە:
http://burhanyassin.com/Rageyendraw%20u%20Proje%204.pdf دەستگەیشتن ١٨-٢-٢٠٢٣

زیاتر سیمای گوتاری **ئاشتەوایی گشتی**، "**ساڕێژکردنی زامەکان**" و "کاک نەوشیروان چەتری هەمووان"ی وەرگرت. . .

لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێم کە لە تەواوی پرۆژە و پرۆسەی ئاشتەواییدا، چەمکی "زام" زیاتر وەک **بەکاربردنێکی مەجازی** (metaphorical)ی وشەکە بوو بۆ ئەو حاڵەتەی کە کۆمەڵگەی کوردستانی، بە تایبەتی کۆمەڵگەی سیاسی، بە درێژایی مێژوویەکی دوور و درێژ خۆی تیادا بینیوەتەوە: ئەم هەموو ململانێ و حاڵەتە ناجوریانەی کە لەو کۆمەڵگە سیاسییەدا هەبوونە و لە ئێستاشدا هەن. بە تایبەتی لەوێدا "کەلتوری سیاسی" بە هەموو دیاردە نێگەتیڤەکانییەوە (وەک، بۆ نموونە، براکوژی، خۆخۆری، قەبوڵنەکردنی یەکتر، هەوڵی سڕینەوەی یەکتر، دووبەرەکییەکی وێرانکار و بێکۆتایی، نەسازان، پەرتەوازەیی و . . . هتد) ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە لە بەردەوامی حاڵەتی خستنەوەی زام دوای زام و دوای زام و. . . هتد.

ئەم پرۆژەیە هەوڵێک بووە بۆ ئیستەکردنێکی جیددی لەسەر ئەم هەموو زامە، بە تایبەتیش هەوڵێک بوو بۆ پیادەکردنی **ئەزموونێک لە ساڕێژکردنی زامەکان**. بەم مانایەش پرۆژەکە زیاتر پێداگری بوو لەسەر **ڕەهەندی بەهاکان**: لە ڕێگای جەختکردنەوە لەسەر **بەها جوانەکان**، لە ڕەهەندە کەلتوری، مرۆیی و سیاسیەکاندا، و **بەکاربردنی ئەم بەها جوانانە**، وەک **ئامرازێکی کاریگەر لە ساڕێژکردنی زامەکاندا**، هەرنەبێ هەندێک لە زامەکانمان ساڕێژ کردبن. بە واتایەکی تر، هەندێک لەو **خوێن لێ بەربوون** (نزیف)ەمان لە جەستەی کورد، بە تایبەتی لە هەرێمی کوردستان، ڕاگرتبێ!

٤- بە داخێکی زۆرەوە، دوای هەوڵێکی زۆر، پرۆژەکە لە کۆتایی مانگی ژەنوەری ٢٠٢١ بە بنبەست گەیشت، بە تایبەتی دوای ئەوەی بزووتنەوەی گۆڕان بڕاردەی هاوپەیمانی لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی، وەک بەشێک لە هەوڵەکانی بۆ چارەسەرکردنی پاشەکشەی بزووتنەوەکە و وەک ئامادەکارییەکیش بۆ هەڵبژاردنەکانی عێراق (٢٠٢١)، کرد بە ستراتیژی قۆناغەکە. بەم واتایەش گۆڕان مێتودێکی تری بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکانی ڕێکخراوەیی خۆی، لە بری ئەم پرۆژەی هەستانەوە، هەڵبژارد. ئەگەرچی، بەر لە مۆرکردنی هاوپەیمانییەکە، بزوتنەوەی گۆڕانم ئاگادار کردبووەوە کە **ئەم هاوپەیمانییە خۆکوژییە** و پێویستە لە نێوان "**خۆکوژی**" و پرۆژەی **هەستانەوە** یەکێکیان هەڵبژێرێ، چوونکە ئەم دوو بڕاردەیە بە یەکەوە **ناسازن و یەکانگیرنین**[7]!

دەرەنجام لە ٢٠-١-٢٠٢١ ڕامگەیاند کە پرۆژەکە **بە بنبەست** گەیشت و ئەوەشی پەیوەندی بە بەندەوە هەبوو، بە ڕاشکاوی گوتم کە من چیتر ناتوانم لە پرۆژەکەدا بەردەوام بم[8].

---

[7] هەڵبەت ئەگەر هاوپەیمانێتییەکەی بزووتنەوەی گۆڕان نەک تەنها لە گەڵ یەکێتیدا، بەڵکو لەگەڵ هەر لایەنێکی دیکەی دەسەڵاتیشدا (ئاشکراتر بڵێین لەگەڵ پارتیشدا) بووایە ئەوا هەر هەمان هەڵوێستم دەبوو.

[8] بۆ بینینی ڕاگەیاندراوی گەیشتنی هەوڵەکە بە بنبەست بڕوانە: "کاتێک زامدارەکان ناخوازن زامەکانیان ساڕێژ بکرێن"، لەم لینکەدا: https://burhanyassin.com/Azadixwazani%20Badinan%206.pdf دەستگەیشتن ١٢-٢-٢٠٢٣

## زیندوکردنەوەی ئەم جارەی پرۆژەکە

بەر لە سەفەرم بۆ کوردستان، سەرەتای مانگی نۆڤێمبەری ساڵی پار، خواست و پێشنیاز لە لایەن هەندێک خەڵکی خەمخۆر و دڵسۆز، لە پێناو سەرلەنوێ بووژاندنەوە و دەستپێکردنەوەی هەوڵەکانی ئاشتەوایی گشتی لە پانتایی هەرە فراوانی گۆڕانخوازی و چاکسازیدا، خرایە بەردەم بەندە.

بونیادنراو لەسەر ئەم پێشنیازە و بە لەبەرچاوگرتنی باری نالەبار و بێئومێدی لە هەرێمی کوردستان، بەندە لە ٢٠٢٢/٩/٢٧ نامەیەکم ئاراستەی هەرسێ لایەنی پەیوەندیدار، گۆڕان، کوڕانی ڕەوانشاد نەوشیروان مستەفا و ژمارەیەک لە کاراکتەری "نارازی"[9] بۆ ئەوەی بزانم: ئایا هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان ئامادەیی ئەوەیان تیایە کە دایەلۆگێکی بەرهەمهێن و داهێن سەرپێ بخەن لە پێناو فەراهەمکردنی ئاشتەواییەکی گشتی؟ لە ڕاستیدا، لەگەڵ ئەوەشی کە لە ڕادەی پەرۆشی لە وەڵامەکاندا جیاوازییەکی زۆر هەبوو، تەنانەت لە هەندێک حاڵەتیش بێوەڵام مانەوەی پێشنیازنامەکەم، بەڵام دەرەنجام لە کۆی گشتیدا دۆخەکە ئەوەی ئەهێنا هەوڵێکی تر بۆ ئاشتەوایی سەرپێ بخەین و بەم واتایەش **پرۆژەکەی بەر لە دوو ساڵمان زیندوبکەینەوە** و هەر لە ڕۆشنایی بیرۆکە سەرەکییەکانی پرۆژەکەشدا جوڵەیەکی تر دەست پێ بکەین.

ئەم جوڵە و هەوڵە بە سەردانی گڵکۆی ڕەوانشاد نەوشیروان مستەفا لە بەیانییەکی زووی ٥ی نۆڤێمبەری پار دەستی پێ کرد. لە هەمان ڕۆژدا لە پۆستێکی فەیسبووکدا، بە پەیوەندی لەگەڵ سەردانەکە، کۆمەڵێک بیرۆکەم وروژاند کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیدار بوون بە سەرلەنوێ ژیاندنەوەی پرۆژەی ئاشتەوایی گشتی[10]. لە پۆستەکەدا نووسیومە:

> بەر لە دوو ساڵ دۆخی بزووتنەوەی گۆڕان خەراپ بوو، بەڵام لە ئێستادا زۆرخەراپترە و بەم دۆخەش ئەستەمە بتوانێ هەنگاوی جیددی و ڕاستەقینە بە ئاراستەی "هەستانەوە" بهاوێژێ. . . بەر لە دوو ساڵ کشانەوەی گۆڕان لە حکومەت مەتلەبێکی سەرکی بوو، بەڵام ئەمڕۆ دوای دوو ساڵ، بە دیاریکراوی دوای بڕیاری گۆڕان بە بەشداربوون لە درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان، مەتلەبێکی تریشی هاتۆتە سەر ئەویش پاشگەزبوونەوەیەکی بڕاوبڕ و بوێرانەیە لەو بڕیارە کەمەرشکێنەی درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان.
>
> لە ئێستادا، ئەگەر گۆڕان بخوازێ ١) گەورەیی نەوشیروان مستەفا و پرۆژەکەی بپارێزی، ٢) ئەو سەرکردەیە بە زیندووی لە مێژوودا (لەسەر پانتاییە ڕاستەقینەکەی) بمێنێتەوە، ٣) ئاشتەواییەکی گشتی بەر لە بەستنی کۆنفرانسی نیشتمانی بەدەست بهێنێ، ئەوا بێ سێ و دوو بڕیاری ئەو دوو کشانەوەیەی پێویستە: کشانەوە لە حکومەت وە کشانەوە لە بڕیاری درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان. من دەزانم ئەم دوو بڕیارە زۆر قورسە، وەک نۆشینی پەرداخێک ژەهر وایە، بەڵام بەبێ

---

[9] لە هەوڵەکانمدا، بە تایبەتی لە سەفەری هەرە دواییم بۆ کوردستان، ژمارەیەکی زۆر کاراکتەری "نارازیم" بینی، هەر لەبەر ئەوەش ئاسان نییە ناوی هەموویان بهێنرێ. ئەگەر ناوی ژمارەیەکی دیاریکراویش بهێنین، ئەوا دەکرێ ببێتە جێگای سەرنج و دڵتەنگی هەندێک لە بەڕێزان، لەبەر ئەوە بە درێژایی نووسراوەکە خۆم لە ناوهێنانی کاراکتەرەکان دەپارێزم. بە هیوای ئەوەی ئەم تێبینییەم جێگای ڕەزامەندی هەمووان بێت.

[10] بۆ بینینی پۆستەکە بڕوانە ئەم پەیوەندییە:
https://www.facebook.com/burhan.yassin.5/posts/pfbid02JiDfS9X6zb3VtSeMpxV12FUkvLPsdFBiCrd9Gog3N41Sc8V5TG9dfSqQyaNSGjYSl دەستگەیشتن ١٣-٢-٢٠٢٣

ئەم دوو بڕیارە ناتوانێ ئەم جەستەیە لە پوکانەوە ڕزگار بکرێ و ڕۆحبکرێتەوە بەر پرۆژە گۆڕانخوزییەکەی نەوشیروان مستەفا و مەساحەی ئەم سەرکردەیە لە مێژوودا پارێزراو بێت.
ئەمە دووڕیانی بڕیارە گەورەکەیە؛ گۆڕان چارەی تری نییە!

بە هەر حاڵ، لە وێنەیەکی فراوانتر و لە چوارچێوەی پرۆژەی ئاشتەوایی گشتیدا، بڕیار و هەنگاوی کرداریی لە پێکهاتەیەکی **دوو ئەستونیدا** پێویستن: **یەکەمیان**، هەڵوێست لە ڕاستکردنەوەی ئاراستەی سیاسی بزاڤی گۆڕان، کە هەنگاوی هەرە گرنگیش بڕیاری کشانەوەیە لە حکومەت و پاشگەزبوونەوە لە بڕیاری درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان؛ **دووەمیشیان**، چارەسەرکردنی کێشەی جێماوە مادییەکان (گردی زەرگەتە و . . . هتد) و دواڕۆژی ڕۆڵی سیاسیانەی واریسانی ڕەوانشاد نەوشیروان مستەفا، وە شێوازی پەیوەندی ئەوان و کۆمپانیای وشە بە بزاڤی گۆڕانەوە. ئەم پێکهاتە دوو ئەستونییەش ئەو مۆدێلە "سێگۆشەییەکە،"[11] پشتڕاستدەکاتەوە و پێویستیشە بە بنەما بگیرێ، ئەگەر دەخوازرێ ئاشتەواییەکی گشتگیر، "کامڵ" و ڕاستەقینە بەرهەم بێت!

ڕوونتر بڵێین، هەنگاوەکان پەیوەستن بە دایەلۆگ و هەڵوێستی کرداریی بزووتنەوەی گۆڕان، کوڕانی ڕەوانشاد نەوشیروان مستەفا و "بەرەی" ناڕازیی. واتە زۆر گرنگە ئەم دایەلۆگە گشتگیر و لەخۆگر (inclusive) بێت و هەرسێ سەری سێگۆشەکە بگرێتە خۆی، بەبێ هیچ جۆرە هەڵاوێردن، ڤیتۆ و هێڵی سوور، لەسەر **کەسانی بەشدار لە دایەلۆگ**، یا ئەو **بابەتانەی کە لە دایەلۆگ و دانوستاندا باسدەکرێن و پێویستییان بە چارەسەرە**. جگە لەوەش، تەنانەت لە هەر یەکێک لە سەرەکانی سێگۆشە، بە تایبەتی گۆڕان و ناڕازییەکان، پێویستە یەک دەستی و یەک دیدگایی هەبێت بۆ ئەوەی ئاشتەواییەکە کامڵ و گشتگیر بێت. لێرەدا، بە گرنگییەوە ئاماژە بە ناوەڕۆک و وردەکاری زیاتری ئەو دوو ئەستونە بنچینەییە دەدەین، کە پێویستە ڕەگەزی سەرەکی بن لە هەر نەخشە ڕێگایەکی ئاشتەوایی گشتیدا:

**ئەستونی یەکەمیان**، ڕاستکردنەوەی ئاراستەی سیاسی بزووتنەوەی گۆڕانە و بەم واتایەش بوونەوەی بزووتنەوەکەیە بە **هێزە سیاسییە جیاوازەکەی** جاران، دەرەنجامیش بوونەوە بە بەشێک لە **بەرەی شەقام و گەل**. ئەم ڕاستکردنەوەیە بە بڕیاری کشانەوە لە حکومەت و پاشگەزبوونەوە لە بڕیاری درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان دەست پێ دەکات و بە گۆڕانکاری ڕیشەیی لە گوتاری سیاسی بزووتنەوەکەدا تێپەڕدەبێ.

بوونی گۆڕان بە بەشێک لە کابینەکەی مەسرور بارزانی نەک هەرکێشە و پرسێکی نوێ نییە، بەڵکو تەنانەت بەر لە بڕیاردانیش لە چوونە ناو حکومەت، ئەم مەسەلەیە پرسێکی جیددی بوو. هەر لە سەرەتاوە، نەک هەر دەنگی دژ بەرامبەر بە بەشداربوون لە حکومەت هەبوو، بەڵکو تەنانەت هەر لە هەنگاوی یەکەمدا، وەک کاردانەوە، ژمارەیەک هەڵسوڕاوی گۆڕان، لە ئاستی بەرپرسیارییشدا، دەستیان لە کار کێشایەوە و وازیان لە گۆڕان هێنا. دواتر ئەم کێشەیە بووە یەکێک لەو هۆیە سەرەکییانەی کە وایانکرد فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق لە بزووتنەوەی

[11] بۆ وردەکاری زیاتر لە مۆدێلە سێگۆشەییەکە بڕوانە لاپەڕە ٦، سەرەوە.

گۆڕان داببڕێ، هەروەها دوو ئاراستەیش لە ناو فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان دروست ببێ.

ئەم کێشەیە، واتە بەشداریی گۆڕان لە حکومەت، بوو بە ئەو فاکتەرەی کە، زیاتر لە هەموو فاکتەرەکانی تر، بووە هۆی ئەوەی کە بزووتنەوەی گۆڕان ڕۆژ دوای ڕۆژ بەرە و لاوازی بچێت و پاشەکشە بکات. دوای زانینی ئەم هەموو ڕاستییە، لەگەڵ ئەوەشی، دوای شکستە کارەساتبارەکەی گۆڕان لە هەڵبژاردنەکانی عێراق، لە ١٦ مانگی ڕابردوودا جار دوای جار وە لە ئاست و ئاراستەی جیا جیادا ئەوە پشتڕاست کراوەتەوە کە بەشداری گۆڕان لە حکومەت لە هەموو فاکتەرێکی تر زیاتر ڕۆڵی هەبووە لە شکستهێنانی گۆڕان، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەتا گۆڕان **هێشتان دوودڵە لە وەرگرتنی بڕیارێکی براوبڕ بە کشانەوە لە حکومەت**[12].

لێرەدا پێویستە ئەوە جەخت بکەینەوە کە کشانەوە لە حکومەت شتێکی **تاک ڕەهەند** نییە: کشانەوە لە حکومەت نابێت ئەوها تەماشا بکرێ وەک ئەوەی گۆڕان چەند پۆست لەدەست دەدات یا لە ڕووی داراییەوە چەند زیانی بەردەکەوێ و. . . هتد، بەڵکو ئەم هەنگاوە دەبێ، وەک دەربڕی خواستێکی ڕاستگۆیانە و وەک بەشێکی هەرە گرنگ لە **ڕاستکردنەوەی ئاراستە و دەربڕینی ئیرادەش بێت**، بەرامبەر بە هۆکارێکی یەکجار گەوهەری لە شکستهێنانی گۆڕان. بەشداری گۆڕان لە حکومەت بوو بە هەڵە و خەوشێکی سیاسی کەمەرشکێن کە لەگەڵ تێپەڕبوونی کات، بە تایبەتیش بە پەیوەندی لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی عێراق (ئۆکتۆبەری ٢٠٢١)، ئاکامە کاریسەئامێزەکانی ئەم بەشداربوونە بە جوانی دەرکەوتن.

بڕیار و هەنگاوی کشانەوە لە حکومەت دەبێتە ئەو تەکان و "شۆکە" لە پانتایی هەرە فراوانی گۆڕانخوازی و چاکسازیخوازی، تەنانەت لە پانتایی سیاسی لە باشوری کوردستانیش بە گشتی، کە گۆڕان پێویستییەتی و هەر زووش ئاکامە پۆزەتیڤەکانی دەردەکەون. یەکێکیش لە ئاکامە هەرە گرنگەکانی بڕیارێکی ئەوها گەڕانەوەی **متمانەی خەڵکە** بە گۆڕان، بە واتای ئەوەی کە ئەم بزووتنەوەیە، لەگەڵ پاشەکشە و لاوازبوونیشی، **هێشتان توانای بڕیاری گەوهەری و چارەنووسسازی هەیە!**

---

[12] بەش بە حاڵی خۆم، هەر زوو بەر لە مۆرکردنی ڕێککەوتنی گۆڕان لەگەڵ پارتی کە مەبەستی سەرەکی لێی بەشداری گۆڕان بوو لە حکومەت، بە نامەیەک بزووتنەوەی گۆڕانم لە هەڵوێستی خۆم لە مەسەلەی چوونە ناو حکومەت روون کردووەوە، کە هەڵبەتە، بەبێ دوودڵی، لەگەڵ ئەم بەشدارییەدا نەبووم. دواتریش بە وتارێک (٢٠١٩/٥/٢١) بە ناوی "**ڕێککەوتنی پارتی و گۆڕان لە ژێر هەڕەشەی جیددیدایە!** یەکڕیزی ناوخۆی بزاڤی گۆڕانیش لەبەردەم ئاڵنگارییێکی گەورەدایە" ئەم هەڵوێستەی خۆمم دووپات کردەوە. بڕوانە: https://burhanyassin.com/Rekewtini%20Parti%20u%20Gorran%203.pdf دەستگەیشتن ٢٢-٢-٢٠٢٣

دواتر هەر بەم هۆیە و هەندێ هۆکاری ترەوە بە ڕاگەیاندراوێک لە بەرواری ٢٠٢٠/١/٢ کۆتایی پشتگیری خۆم بۆ بزووتنەوەی گۆڕان ڕاگەیاند. بڕوانە: "پشتگیری لە بزووتنەوەی گۆڕان تا ئێرە و بەس":
https://burhanyassin.com/Rageyendrawek%2022.pdf دەستگەیشتن ٢٢-٢-٢٠٢٣

بەشداری گۆڕان لە کابینەی مەسرور بارزانی یەکێک بوو لەو فاکتەرە هەرە گرنگانەی کە بوونە هۆی ئەوەی بزاڤی گۆڕان "ڕەنگی" ڕەسەن و **جیاوازیی خۆی لەگەڵ حزبەکانی دەسەڵات** لەدەست بدات، واتە کەم یا زۆر، لە چاو و دیدگای خەڵک ڕەنگ و سیمای سیاسییانەی ئەو بزووتنەوەیە وەک هی حزبەکانی دەسەڵاتی لێبێت.

دەرەنجام، کشانەوە لە حکومەت دەبێتە ئەو هۆکارەی کە، هەڵبەتە شانبەشانی گۆڕانکاری لە **گوتاری سیاسی** بزووتنەوەکە، بزاڤی گۆڕان ببێتەوە بە هێزە سیاسییە "جیاوازەکەی" جاران و بکەوێتەوە سەر **ڕێچکە ڕەسەنەکەی** خۆی. . . جگە لەمەش، بە پێی زۆر بۆچوون هەنگاوێکی ئەوها دەتوانێ ببێ بە سەرەمەشقی پرۆسەی "ڕاستکردنەوەی ئاراستە" لە سیاسەتی گشتی گۆڕان و گەڕانەوەی متمانەی گشتی ئەو خەڵکانەی کە پێشتر پاڵپشت و لایەنگری بزووتنەوەکە بوون.

ئەوەی ئێمە، لە گفتوگۆکانماندا لەگەڵ ناڕازییەکاندا، تێبینیمان کردوە ئەوە بووە کە بۆچوونی باڵادەست لە ناویاندا ئەوە بووە کە هەر وەک چۆن گۆڕان **پێشتر لە ڕێگای هەڵوێستێکی جڤاتی نیشتمانییەوە بڕیاری چوونە ناو حکومەتی داوە، هەر ئەوهاش هەمان جڤات دەتوانێ بڕیاری کشانەوەش بدات.** لە بەرامبەردا، دیدگای گۆڕان لەم بارەیەوە ئەوە بووە کە "**با ناڕازییەکان بفەرموون بێنەوە و بە یەکەوە شان بدەینە بەر بەرپرسیارێتی لە پرسە گرنگەکاندا، لەمانەش مەسەلەی کشانەوە لە حکومەت.**" تەنانەت ئەوەش هەڵوێستەش لە گۆڕان زانراوە کە دەبێ ئەم پرسە لە کۆنفرانسی نیشتمانیدا یەکلا بکرێتەوە، هەر وەک سەفین مەلا قەرە، هەڵسوڕاوی باڵای بزووتنەوەی گۆڕان، دەڵێ "**دەبێت کۆنفرانس ببەستین، بە هەموو لایەکمانەوە بڕیار بدەین و بەرپرسیارێتی هەڵبگرین، لە حکومەت بکشێینەوە یان بمێنینەوە**"[13].

لەگەڵ ئەوەی کە بەرپرسانی بزووتنەوەی گۆڕان ئەوە دەزانن کە یەکێک لە گرێ کوێرە و پرسە گرنگەکان مەسەلەی کشانەوەیە لە حکومەت، وە لەگەڵ ئەوەشی کە ئەو بزووتنەوەیە دەرفەتێکی زێڕینی هەبوو کە لە بانگەوازەیەیدا وەک بەشێک لە هەوڵەکانی ئەو بزووتنەوەیە بۆ "ئاشتەوایی" لە ٨ی ئەم مانگەدا بڵاوکردەوە، بە ڕوونی و بێ پەناوپێچ باسی ئەم مەسەلە گرنگە بکات و تەنانەت ئاماژە بە شێوازی یەکلانەکردنەوەی بدات[14]، بەڵام ئەمەیان نەکرد. لە باشترین حاڵەتدا بانگەوازەکە بە شێوەیەکی "ناڕوون" ئاماژە بەم پرسە چارەنووسسازە دەکات و دەڵێت "هەر هەنگاو و بڕیارێکیش بۆ ئەو مەبەستە پێویست بکا، با بەیەکەوە بەرپرسیارێتی و دەرهاویشتەکانی داهاتوی بزوتنەوەکە بگرینە ئەستۆ"[15]. لە ڕاستیدا هەڵە نییە ئەگەر بڵێین ئەم جۆرە دەربڕینە، بە هیچ شێوەیەک، بەشی ئەوە ناکات کە **مەودای نێوان ناڕازییەکان و گۆڕان کەمتر بکاتەوە**، بە واتای ئەوەی لە بری پشتڕاستکردنەوەی بڕیارێکی بێ دوودڵێ گۆڕان لە بارەی

---

[13] https://www.zamenpress.com/Details.aspx?jimare=62513 دەستگەیشتن ١٨-١٢-٢٠٢٢

[14] لە ڕاستیدا نەبوونی ئاماژەیەکی ڕوون دەربارەی ئەم دۆسیە گرنگە لە بانگەوازەکەدا، یەکێک بوو لە هۆکارەکان کە بەرەی ناڕازی ئەم بانگەوازە بە هەند وەرنەگرێ، یا هەرنەبێ بانگەوازەکە نەتوانێ ببێ بە هۆکارێکی گرنگ لە تواندنەوەی بەستەڵەک لە نێوان گۆڕان و ناڕازییەکاندا.

[15] بۆ دەقی بانگەوازەکە بڕوانە، بۆ نموونە:
https://www.zamenpress.com/Details.aspx?jimare=63434 دەستگەیشتن ١٠-٢-٢٠٢٣

کشانەوە، ئەم پرسە هەستیارە **دەسپێردرێتە جۆرێک لە تاریکی**، بەڵکو تەنانەت ئەم هەڵوێستە ئەو **مەودایە** فراوانتریش دەکات.

**ئەستونی دووەمیشیان** لە پرۆژەی ئاشتەوایی گشتیدا، مەسەلەی جێماوەکانی دوای کۆچی دوایی نەوشیروان مستەفایە، بە تایبەتی مەسەلەی شێوازی سوودوەرگرتن لە مولک و جێماوەکان و ئەو رۆڵەی بەڕێزان کورەکانی رەوانشاد (نما و چیا) دەیبینن؛ واتە رادە و شێوازی **دەسەڵاتی ئەوان لە ناو و بەسەر بزووتنەوەی گۆڕانەوە: رۆڵ و کاریگەریی ئەوان لەسەر بڕیارەکانی گۆڕان،** دوو مەسەلەی گرنگن وە پێویستییان بە چارەسەرە. لە کاتێکدا ئەوان بە رەسمی هیچ پێگە و بەرپرسیاریی رەسمیان لە ناو دام و دەزگاکانی گۆڕاندا نییە[16]، **بەڵام بوونی دەسەڵاتیان بەسەر ئەم بزووتنەوەیەوە ئیشکالیەت و کێشەیە و بەم پێیەش پێویستی بە چارەسەرییەکی ریشەیی هەیە. لە راستیدا ئەمە نەک هەر دیدی ناڕازییەکانی دەرەوەی گۆڕانە بەڵکو** تەنانەت بۆ بەشێک لە هەڵسوڕاوانی **بزووتنەوەکەش ئەم مەسەلەیە جێگەی گرنگییەکی زۆرە!**

به واتایەکی تر، پێویستە لە چوارچیوەی هەستانەوە لە پانتایی هەرە فراوانی گۆڕانخوازی و چاکسازیخوازیدا ئەو کێشانە چارەسەربکرێن، چونکە بەبێ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە هیچ پرۆژەیەکی هەستانەوەی بزووتنەوەی گۆڕان ناتوانێ سەرکەوتوو بێت: **ناتوانێ پرۆژەیەکی کامڵ بێت و بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ توانای ئەوەی هەبێ لەسەر پێی خۆی بوەستێ!**

لە راستیدا ئەمرۆ لە پانتایی هەرە فراوانی باس و خواسە سیاسییەکاندا، تەنانەت باس و خواستە هەرە گشتییەکان، ئەو شیوەیەی کە مولک و ماڵ و جێماوەکانی دوای کۆچی دوایی نەوشیروان مامەڵەی لەتەکدا کراوە، نەک هەر بۆتە جێگای مشت و مڕ، بەڵکو ئەم مەسەلەیە بۆتە **جێگای نیشانەی پرسیاریش!** پێویستە ئەم نیشانەی پرسیارە بە دڵسۆزی و خەمخۆری و شارەزاییەوە مامەڵەی لەتەکدا بکرێ و چارەسەر بکرێ.

بەم باوەڕەوە، وەک خاڵی لێوەدەرچوون، هەر لە سەرەتاوە پێم وابوو بەبێ چارەسەرکردنی ئەم پرسە ناتوانرێ ئاشتەواییەکی جێگیر و گشتگیر بەدەست بێت. بە واتایەکی تر، چارەسەرکردنی ئەم پرسە بۆ بزووتنەوەی گۆڕان، بۆ پێگەی مەعنەوی رەوانشاد نەوشیروان مستەفا و تەنانەت بۆ دواڕۆژی سیاسی واریسانی رەوانشادیش، باشە. . . لەم بارەیەشەوە بەر لە دوو ساڵ زیاتر پێشنیازی ئەوەم کرد کە "کێشەی" جێماوەکانی دوای کۆچی دوایی نەوشیروان مستەفا دەکرێ بە شێواز و مێتودی "وەقف" چارەسەربکرێ؛ تەنانەت ئەم بۆچوونە پشتگیرییەکی

---

[16] لە راستیدا ئەو نامەیەی (بەڕێزان نما و چیا) کە "دزەی کرد" و لە بەشێک لە ئامرازەکانی میدیای کوردیدا بڵاوبوویەوە، ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە ئەوان، روو بە بزووتنەوەی گۆڕان، خاوەن دەسەڵاتن ئەگەرچی ئەوان، بۆ ئەستۆپاکی لە هەر بەرپرسییەک، لە کۆتایی نامەکەدا دەڵێن " ئێمە قسەی دڵی زۆرینەی خەمخۆرانی گۆڕانو خۆمان کرد، ئێوەش ئازادن لەوەی کە چ هەنگاوێک هەڵئەگرن". بڕوانە، بۆ نموونە: https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=213777 دەستگەیشتن ٢٠٢٣/٢/١٤

زۆریشی، لە ناوەوە و لە دەرەوەی گۆڕان، هەبوو[17]! بەڵام دوای ئەوەی دەرکەوت کە ئەم چارەسەرە فەراهەم نابێت و کۆمەڵێک کۆسپ و تەگەرە هەن لەسەر ئەم ڕێگایە، لە هەوڵی ئەم جارەماندا پێشنیازی ئەوەم کرد کە لە ڕێگای (وەرەقەیەکی قانونی)یەوە ئەم پرسە چارەسەر بکرێ. لە ڕۆشنایی ئەم باوەڕەشەوە، لە کۆبوونەوەیەکمدا لەگەڵ بەڕێز چیا نەوشیروان مستەفا، لە ماڵی خۆیان لە گردی زەرگەتە (٢١-١١-٢٠٢٢) گەیشتین بە "**لەیەکگەیشتن**." لەسەر ئەم پرسە. لەیەکگەیشتنەکە ئەوە بوو کە "وەرەقەیەکی قانونی" بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی شێوازی پەیوەندییەکانی نێوان کۆمپانیای وشە لە لایەک وە بزووتنەوەی گۆڕان لە لایەکی ترەوە، بەرهەم بهێنرێت وە لە ناوەڕۆکی "وەرەقەکەدا" ماف، ئەرک و بەرپرسیاریی هەر کەس و لایەنێک دیاری بکرێت. بەو هیوایەی کە بە زووترین کات ڕێکخستنی ئەم "وەرەقەیە" بە چەند یاساناسێکی خەمخۆر و دڵسۆز بسپێردرێ. ئەگەرچی دەکرێ **وەرەقەیەکی یاسایی** لەو جۆرە هەموو "ناڕازییەکان" بە تەواوەتی ڕازی نەکات، بەڵام ئەمە، لە ئێستادا باشترین چارەسەرە، تەنانەت لە دۆخی هەنوکەدا چارەسەری ئایدیاڵییشە.

تا ئەو جێگایەی من ئاگادار بم یەکەم جارە بەڕێزان چیا و نما نەوشیروان مستەفا لە بەڵگەنامەیەکدا، واتە ئەو نامەیەی کە لە بەرواری ١٤-٢-٢٠٢٣ بۆ بزووتنەوەی گۆڕانیان ناردوویانە وە لە شارپرێس بڵاوکرایەوە، قسە لەسەر پرسی **گردی زەرگەتە دەکەن بەبێ ناوهێنانی جێماوەکانی تر**، لەو بارەیەوە دەڵێن: "لەسەر پرسی گردەکە جارێکی تر دڵنیایی دەدەینەوە کە تاکە بژاردەو خواستی باوکمان ئەوەبوو کە گردی زەرگەتە ماڵو قەڵای گۆڕانخوازانو گۆڕانێک دەبێت کە لەبەرەی گەلدا بمێنێتەوە، جێگەیەک بێت بۆ خزمەتی گشتیو بەرگریکردن لەچاکەی گشتی، لەپاڵ ئەوەشدا خەونەکانی باوکمان ئەهێنینەدی بەدامەزراندنی ناوەندێکی ڕۆشنبیریی بۆ پێگەیاندنو خزمەتکردن بەنەوەکانی داهاتوو."[18]

لێرەدا نامەوێ دەربارەی وردەکارییەکانی نامەکە بدوێم، بەڵام دەخوازم ئەوە، جەخت بکەمەوە کە هێشتنەوەی ئەم مەسەلە هەستیارە بەبێ چارەسەرێکی یاسایی و مانەوەی لە "**حاڵەتێکی تەماویدا**" نە لە سودی گۆڕانە، نە لە سودی **ناو و پێگەی مەعنەوی ڕەوانشاد (نەوشیروان مستەفا)یە** وە نە لە سودی واریسانی ڕەوانشادیشە! نەک هەر ئەوە، چارەسەرنەکردنی ئەم کێشەیە، بە شێوەیەک یان شێوەیەکی تر، زیانبەخشە بۆ هەرسێ ئەو

---

[17] بە پێی زانیارییەکان، ئەم شێوە چارەسەرە لەو کاتەشدا، کە تەنانەت ڕەوانشاد نەوشیروان مستەفا هێشتان لە ژیاندا بوو، گفتوگۆی لەسەر کراوە.

[18] بڕوانە *شارپرێس*، https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=213777 دەستگەیشتن ٢٠٢٣/٢/١٤

جێگای ئاماژەیە کە لە نامەیەکی تایبەتیدا بۆ بەندە، لە چوارچێوەی هەوڵەکانم لە پرۆژەی ئاشتەواییدا، لە بەرواری ١١-٢-٢٠٢٣ بەڕێزان نما و چیا نەوشیروان مستەفا، جگە لەوەی کە پەرۆشی و خەمخۆرییەکی زۆر بۆ گۆڕان و پارێزگاری لە جێگە و پێگەی مێژوویی ڕەوانشاد نەوشیروان مستەفا دەکەن، دیدی خۆشیان ڕوون دەکەنەوە دەربارەی "گردی زەرگەتە". ئەم دیدە، دەربارەی گردی زەرگەتە، زۆر هاوشێوەیە لەگەڵ ئەو دیدگایەی، کە لە هەمان مەسەلەدا، لە نامەکەی ئەواندا بۆ بزووتنەوەی گۆڕان هاتووە. دەکرێ لە داهاتوودا، لە هەڵسەنگاندنێکی تێر و تەسەڵدا، ئاماژەی زیاتر بەم نامە تایبەتە، کە بۆ بەندە نێردراوە، بدەین.

لایەنەی ناویان هێنرا! جگە لەوەش، دەبێ راشکاوانە ئەوەش بڵێین کە مانەوەی ئەم دۆسیەیە وەک خۆی و بەبێ چارەسەرێکی "یاسایی،" بەو شێوەی کە لە ٥ ساڵی رابردوودا هەبووە، بە ئەگەری زۆر دەبێتە تاقیکردنەوەیەکی قورس بۆ سەرکردایەتی داهاتووی بزووتنەوەی گۆڕانیش!

کەواتە، پێویستە ئەم "کێشەیە" بە زووترین کات چارەسەر بکرێ، ئەمەش نەک هەر لە پێناو بەدەنگەوە چوونی خواستی ناڕازییەکان و سەرپێخستنی دایەلۆگێکی بەرهەمهێن **لە نێوان گۆڕان و دەرەوەی خۆی**، بەڵکو تەنانەت لە پێناو **پاراستنی توکمەیی ناوخۆیی بزووتنەوەکە خۆیشی و رێگری لە سیناریۆگەلێک کە بە هۆی ئەم کێشانەوە تەنانەت هەڕەشە لە بوونی بزووتنەوەکەش دەکرێ**.

* * *

بە درێژایی گفتوگۆمان لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان لە لایەک وە "ناڕازییەکان" لە لایەکی دیکەوە، دوو کێشەی تەکنیکی هەبوون کە رێگر بوون لەوەی ئێمە بتوانین لە ماوەیەکی کورتدا دایەلۆگێکی راستەوخۆ و بەرهەمدار لە نێوان "ناڕازییەکان" و بزووتنەوەی گۆڕان سەرپێ بخەین: ١) نەک هەر ئاسان نیی، بەڵکو ئەستەمیشە بتوانرێ لە نێوان ناڕازییەکاندا **یەک هەڵوێستی و یەک دیدگایی** بەرهەم بهێنرێت. لێرەدا پێویستە بگوترێ کە لە نێوان ناڕازییەکاندا هەمەجۆرییەکی زۆر هەیە لە رووی **هۆکارەکانی ناڕازیبون و دوورکەوتنەوە لە گۆڕان**، بە شێوەیەک کە هەر **ئەم هەمەجۆرییە** بۆتە کێشەیەک بۆ فەراهەمکردنی کۆدەنگی لەناویاندا. بۆ نموونە لە بابەتی کشانەوە لە حکومەت لە نێوان هەڵوێستی "کشانەوەی پێشوەخت لە حکومەت" تا دەگاتە ئەو هەڵوێستەی کە دەڵێ "ئیتر کارتی کشانەوە لە حکومەت سوتاوە و کەڵکی نەماوە،" تێبینی دەکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێ بڵێین کە لە ناو ناڕازییەکاندا داخوازیی کشانەوە لە حکومەت، بە دڵنیاییەوە، **زاڵ و باڵادەستە**.

جێگەی بیرهێنانەوەیە کە، تەنانەت بەر لە دوو ساڵیش، خواستی پێویستبوونی دروستکردنی (پلاتفۆرمی دایەلۆگ) خرایە بەردەم، هەر نەبێ بەشێک، لە ناڕازییەکان بە مەبەستی ئەوەی کە ناڕازییەکان لە نێوان خۆیاندا پلاتفۆرمێک پێک بهێنن بۆ ئەوەی **ئەم پلاتفۆرمە** ببێ بە کەناڵی ئەوان بۆ دایەلۆگ لەگەڵ گۆڕاندا، وە بۆ ئەوەی ئەم پلاتفۆرمە بتوانێ **پرۆژە و نەخشەڕێگایەک** گەڵاڵە بکات بۆ ئەوەی دواجار نەخشەڕێگاکە ببێ بە بنەمای "رێککەوتن" لەگەڵ گۆڕان. بەڵام بە داخەوە نە دوو ساڵ بەر لە ئێستا وە نە ئەم جارەشیان ئەوە فەراهەم نەبوو. . . جگە لەوەش دەستگەیشتنی من بە هەموو ناڕازییەکان شتێکی هەرە ئەستەم بووە. لەم بارەیەوە، بە ئێستاشەوە، **هیچ میکانیزمێک** شک نابەم کە دەست گەیشتن بە "هەموو" ناڕازییەکان، بە درێژی و پانیی هەریمی کوردستان، فەراهەم بکات. جگە لەمەش، تەنانەت لە ئاستی شێوازی ناوهێنانیش، هەموو ئەوانەی

لە گۆڕان دوور کەوتوونەتەوە، ناڕازییەکان ئەوەیان لا پەسەند نییە پێیان بگوترێ **ناڕازی**[19]؛ ٢) تا ئێستا دایەلۆگی **ڕاستەوخۆ و ئاشکرا**، لە نێوان گۆڕان و ناڕازییەکان، یەکێک لەو شتانە بووە کە **نەتوانراوە فەراهەم بکرێت**.

* * *

لە **پرسی کۆنفرانسی نیشتمانیدا**، هەر لە سەرەتای هەوڵەکانمەوە، پرسیارێک بەردەوام زۆر گرنگ بووە: **ئایا کۆنفرانسی نیشتمانی بەر لە ئاشتەوایی یا کۆنفرانس دوای ئاشتەوایی.** هەڵبەتە، لەم بارەیەوە، بۆچوونی باڵادەست لە ناو ناڕازییەکاندا ئەوە بووە کە ئاشتەوایی دەبێ بگات بە مەنزڵ ئینجا کۆنفرانسی نیشتمانی بکرێت. لە بەرامبەردا هەڵوێستی گۆڕان لەم پرسەدا بڕا و بڕ و بێ دودڵی نەبووە، بەڵکو لە ناو بزووتنەوەکەدا هەست بە ئاراستەی جیا جیا، یا هەر نەبێ دوو ئاراستەی سەرەکی، ئەکرا. تەنانەت تا ئێستاش ئەو حاڵەتە هەر بەردەوامە. . . بەش بە حاڵی خۆم، هەر لە سەرەتای گفتوگۆکانم لەگەڵ گۆڕاندا، هەوڵمدا ئەوە جەخت بکەمەوە کە سوود و باشییەکانی بەستنی کۆنفرانسی نیشتمانی دوای بە ئەنجام گەیشتنی ئاشتەوایی یەکجار زۆرن، وە پێویستە گۆڕان ئەم ڕاستییە لەبەر چاو بگرێ وە سیاسەتی ڕەسمی خۆی، لەمەڕ بەستنی کۆنفرانس، لەسەر ئەم دیدگایە بونیاد بنێ! لە بەرامبەردا، ئەوەی پێویستە هەموو لایەک بیزانن ئەوەیە کە دواخستنی کۆنفرانسی نیشمانی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لۆژیک و حیکمەتی کشانەوە لە حکومەت **دەخاتە ژێر نیشانەی پرسیارە**، چونکە هەر ڕۆژێک تێدەپەڕێ لە گرنگیی ئەم کشانەوەیە کەم دەبێتەوە، تا دواجار دەگاتە ئاستی بێمانابوون. ئەو کاتە، تەنانەت لە ناو ناڕازییەکانیش، دەکرێ دەنگی ئەوە بەرز ببێتەوە ئایا سودی چییە گۆڕان لە حکومەت بکشێتەوە لە دۆخێکدا کە کاتێکی کەم بۆ کۆتاییهاتنی فەرمانڕەوایی ئەم حکومەتە ماوە! دەرەنجام، دواخستنی بەردەوامی کۆنفرانسی نیشتمانی، تا ئەو کاتەی کە کشانەوەی گۆڕان لە حکومەت بێمانا، بێ ناوەڕۆک و بێ کاریگەری دەکرێ، **ئەگەری** ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە دەکرێ ئەمە، لە خەراپترین حاڵەتدا، سیناریۆیەکی حسێب بۆ کراو بێت. هەر هەڵوێستێک داوا بکات ئەم پرسە بە بڕیارێکی ناو کۆنفرانسی نیشتمانی یەکلا بکرێتەوە و لە هەمان کاتتدا هەمان هەڵوێست لەمەڕ پرسی کشانەوە لە ئێستادا ناڕوون بێت، ئەوا دەکرێ گومانی ئەو سیناریۆیەی لێ بکرێت!

## گفتوگۆی زیاتر و دەرەنجام

لە ئێستادا پانتایی کۆمەڵایەکی، دەروونی و سیاسی باشوری کوردستان زۆر بێزار، ماند و **داتەپیوی ژێر سێبەری قورسی کۆمەڵێک قەیران و بێهیواییبوونە**. ڕێک ئەم دۆخە ئەوپەڕی

[19] بە هەر حاڵ ئێمە بە درێژایی گفتوگۆکانمان، هەروەها لەم ڕاپۆرتەشماندا، وشەی "ناڕازیمان" بەکاربردووە بۆ ئەوانەی لە هاوکێشەی پڕۆژەکەدا دەکەونە "دەرەوەی" قاڵبی ڕێکخراوەیی بزاڤی گۆڕان.

نالەبارە راگەیاندنی پرۆژەی **ئاشتەوایی گشتی**، واتە ئەو پرۆژەیەی ئێمە خەریکی بووینە، کردووە بە شتێکی هەنووکەیی، گرنگ و پێویست.

لە ناواخنی پرۆژەی ئاشتەوایی گشتی بەندەدا کۆدی "سارێژکردنی زامەکان جێگیرە." . . پێشتریش گوتوومە، دووپاتیشی دەکەمەوە کە هەرنەبێ ٥٠٠ ساڵی دوایی مێژووی کورد، مێژووی زام و برینەکانە کە جار دوا جار ئەم زامانە لە جەستەی ماند و شەکەتی کورددا کەوتوونەتەوە: ئێمە لێرەدا باسی ئەو زامانە ناکەین کە داگیرکاران لێی بەرپرسن، بەڵکو ئاماژە بە ئەو "زامە ناوخۆییە – خۆکردانە" دەکەین کە **خودی ئێمەی کورد، بە بڕیار و دەستی خۆمان، لە جەستەی بە کۆمەڵی کوریمان خستونەتەوە و هەر خۆشمان، وەک کورد، لە کەوتنەوەی ئەم هەموو زامە بەرپرسین نەک کەس و لایەنی تر.** . . دەکرێ هەندێک جاریش بە تێکەڵاوبوونی دەستی داگیرکار کورد زامی لە جەستەی خۆیدا خستبێتەوە، بە تایبەتی ئەم جۆرە زامە زۆر بە ئازارە. . .

هەنگاوەکەمان بۆ فەراهەمکردنی دایەلۆگ هەوڵێک بوو بۆ سارێژکردنی بەشێک لە زامەکان. بە داخەوە دەیڵێم، ئەو دەرەنجامەی پێی گەیشتم لە دوای کاروانی ئەم هەوڵە، ئەوەیە کە کورد تا ئێستاش زۆر "کارامەتر بووە" لە **خستنەوەی زام دوای زام لە جەستەی پڕ لە زامی خۆیدا؛ لە بەرامبەریشدا زۆر کەمتر کارامە بووە، تەنانەت تا رادەی نەبوونی کارامەیی، لە چارەسەرکردنی زامەکانی جەستەی خۆی!** ئەم حاڵەتە دەبێ هەمووان پەیوەندیدار بکات، هەر لە ئەکادیمی و رەوشەنبیر و سیاسییە "بێ غەلل و غەشەکان،" کە بە داخەوە ئەم جۆرە لە سیاسی لە ئەمڕۆی پانتایی کوردستاندا دەکرێ کەمینەیەکی زۆر کەم بن. . .

پرۆژەی ئاشتەوایی گشتی، لە رۆشنایی "فەلسەفەی سارێژکردنی زامەکان،" مەبەستی بووە ئیستەیەکی دڵسۆزانە بکات و لە بری بازدان بەسەر زامەکاندا، بوێرانە و بە بڕیارەوە دەست بۆ سارێژکردنی ئەو زامانە ببات. بەم واتایەش، دیدگای ئەم پرۆژەیە زۆر تایبەتە، چونکە هێزی خۆی لە بەها جوانەکان وەردەگرێ وە پرۆژەکە مەبەستیشییەتی کۆمەڵێک ئامانجی جوان بپێکێ، لە پێش هەمووشیانەوە سارێژکردنی زامەکان و راگرتنی ئەو خوێنەی کە بە تایبەتی لە پانتایی هەرە فراوانی گۆڕانخوازی و چاکسازیخوازی دادپەروەریخوازی، بە گشتیش لە جەستەی کۆمەلایەتی و سیاسی هەرێمی کوردستان، دەچۆڕێ. . . پرۆژەکە مەبەستی بووە، پچڕانێک لە زنجیرە و رێرەوی زامەکاندا فەراهەم بکات و بۆ نەوەکانی داهاتووش ئەزموونێکی سەرکەوتو لە سارێژکردنیاندا جێبهێڵێ. . . ئەگەرچی ئەم هەوڵەمان لە ئێستادا پڕە لە کێشە و ئاڵنگاری، بەڵام پرۆژەکە شایستەی ئەوەیە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانی پرۆژەکە و هەموو خەمخۆران و دڵسۆزانی پانتایی گۆڕانخوازی و چاکسازیخوازی، بە گرنگییەوە، هەوڵ بۆ سەرکەوتنی بدەن. بە هەر حاڵ گرنگە، لە خراپترین حاڵەتدا واتە لە ئەگەری شکستهێنانی پرۆژەکە، دیدگا فیکری و

"فەلسەفییەکەی" پرۆژەکە بە زیندوویی بمێنێتەوە و زوو یا درەنگ لە ڕۆشنایی **فەلسەفەی سارێژکردنی زامەکان** ئەزموون بکرێ و "لەبری جێهێشتنی زامەکان و بازدان بەسەریاندا،" دڵسۆزانە و خەمخۆرانە، دەست بۆ سارێژکردنیان ببرێت.

لە حاڵەتی سەرنەکەوتنی پرۆژەکە، ئەگەری ئەوە هەیە کە لە پانتایی گۆڕانخوازی و چاکسازیخوازیدا چاوەڕوانی کەوتنەوەی زامی زێتر بکەین. ڕاستگۆیانە دەڵێم، لە ئێستادا، لە شکستێکی ئەوهادا، جەستەی **ئەم پانتاییە بەرەو پەرتەوازەبوونی زیاتر و کەوتنەوەی زام و برینی زیاتر دەڕوات.** بۆ ئەوەشی ئەمە روونەدات، نابێ سەرپێخستنی پرۆژەی سیاسی نوێ وەک "ڕاکردن بۆ پێشەوە" بێت، یا بە واتایەکی تر جێهێشتن و بازدان بەسەر زامەکانی **مێژوو و ئەمڕۆدا** بێت: لە رابردوودا بەردەوام زامەکان جێهێڵراون و بەبێ چارەسەری پێویست **بازیان بەسەردا دراوە،** هەر لەبەر ئەوەش زنجیرەی دوور و درێژی زامەکان لە مێژووی کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵگەی ئێمەدا، بەبێ پچڕان، بەردەوامی هەبووە و لە ئێستاشدا بەردەوامی هەیە.

* * *

ئەوەی لە ئێستادا گرنگە، بە تایبەتی بە پەیوەندی لەگەڵ بانگەوازەکەی بزووتنەوەی گۆڕاندا، ئەوەیە کە گۆڕان دەبێ خۆی لە نەفەستەنگی بپارێزێ و غەم و ئامانجی خۆی لە بەستنی کۆنفرانسی نیشتمانیدا سنووردار نەکات. واتە ئامانج ئەوە نەبێت کە بە "**هەر نرخێک بێت**" کۆنفرانسی نیشتمانی ببەستێ. لە بەرامبەردا، پێویستە ئامانج کۆنفرانسێکی نیشتمانی بێت کە لە ئاکامی سەرکەوتنی پرۆسەی **ئاشتەواییەکی لەخۆگر و گشتگیرەوە هاتبێتەدی**: واتە ئاشتەوایی گشتی و کۆنفرانسێکی نیشتمانی سەرکەوتوو ببێ بەو مزگێنییە گەورەیە کە پانتایی سیاسی لە باشوری کوردستان، بە تایبەتی پانتایی گۆڕانخوازی و چاکسازیخوازی، پێویستییەتی.

لە بەرامبەردا، مەترسی جیددی هەیە کۆنفرانسێکی نیشتمانی ببەسترێ کە نەک هەر لە ئاکامی سەرکەوتنی ئاشتەوایی نەبەسترابێ، بەڵکو تەنانەت ئەو کۆنفرانسە بووبێتە ڕێگر لە بەردەم پرۆسەی ئاشتەواییەکی **گشتگیر** و **فراوان**! نە لە ئێستا وە نە لە داهاتوشدا، **نیوە چارەسەر یا چارەگە چارەسەر** و **ئەنجێندای سنووردار،** یا تۆ بڵێ **نیوە ئاشتەوایی یا چارەگە ئاشتەوایی،** بە کەڵکی بزووتنەوەی گۆڕان نایەن: ڕاشکاوتر بڵێم، هەوڵی گۆڕان لە بچووککردنەوەی ئەنجامدانی **بگفتوگۆی سنووردار،** لەگەڵ ژمارەیەکی سنووردار لە "ناڕازییەکان،" بەبێ ئەوەی هەوڵەکە توانیبییەتی **گشتگیر و فراوان بێت، ئاکامی باشی نابێت،** بەڵکو میکانیزمێکی ئەوها تەنانەت دەتوانێ، بۆ دواڕۆژی گۆڕان، مەترسیداریش بێت: هەنگاوێکی ئەوها دەتوانێ پرۆژە ئاشتەواییە گشتگیر و راستەقینەکە لەبار ببات. بۆ ئەوەی ئەمەش روونەدات، دەبێ کەسە پەیوەندیدارەکان خۆیان لە مێتودە تەقلیدییەکانی چارەسەرکردنی کێشەکان، کە زۆر جار پەنا بردنە بۆ چارەسەری کێشە بە

بەرهەمهێنانی کێشەی تر، یا چارەسەرکردنی هەڵە بە هەڵەی تر، دوور بگرن. بە واتایەکی تر، پرۆژەکەی بەندە **نیوە چارەسەر و چارەگە چارەسەری قەبوڵ نییە و بە تەواوەتی لە دەرەوەی ئەو جۆرە چارەسەرانەیە و تا بتوانێ خۆی دوور دەگرێت لێیان.**

دەبێ لە ئێستادا دوو مەترسی لەبەرچاو بگیرێت: ١) دەکرێ دواجار فرە-پرۆژەیی، فرە-هەوڵی و فرە-ئاراستەیی لە پرۆسەی ئاشتەواییدا زیانبەخش بێت، هەر لەبەر ئەوەش پێویستە خەمێکی جیدی لە **یەککردنی هەموو هەوڵ و پرۆژەکان** بخورێ: مزگێنییەکی گەورە و شایستە لە پانتایی گۆڕانخوزی و چاکسازیخوازیدا پێویستی بە خەم و پرۆژەی گەورە هەیە؛ ٢) دەبێ مەترسی کاردانەوەی دوو حیزبی دەسەڵات، پارتی و یەکێتی، بەرامبەر بە هەستانەوەی گۆڕان بە هەند و جیدی وەربگیرێ: ئەم دوو حیزبە خاوەنی ئامرازی جیا جیان بۆ فشار و خەراپەکاری، دەکرێ یەکێکیش لەو ئامرازانە لە ڕێگای خۆ نزیککردنەوە و دەست تێکەڵاو کردن بێت لە هەر هەوڵ و پرۆژەیەک!

دواجار بەش بە حاڵی خۆم، ئەوەندەی لە توانامدا بوو، هەڵبەتە بە تەوازوعێکی زۆرەوە، لە رووی بیرۆکە و کردارییەوە بۆ سەرپێخستنی دایەلۆگەکە، پێشکەشم کردوە. بەڵام لێرەوە رایدەگەیەنم کە لە ئەمڕۆ بە دواوە، بۆ ئەوەی بەردەوامبم لە "**هەوڵی ناوەندگیری**،" ئەوا پێویست دەکات لایەنە پەیوەندیدارەکان **پەرۆشیی دەرببڕن بۆ بەردەوامبوونی بەندە بە هەوڵ و پرۆژەکەیەوە.**

لە کۆتاییدا پڕ بە دڵ سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەم کە بە گەرمی بە دەم پرۆژە و هەوڵەکانمەوە هاتون، پشتگیری پرۆژەکە بوون یا بە کردار هەوڵیان بۆ سەرخستنی داوە، بە تایبەتی ژمارەیەک لەو بەڕێزانەی بە دڵسۆزییەوە هەر **چیان لە دەست هات کردیان بۆ پشتگیری** لە رۆح و ئاراستەی پرۆژەکە.

---